# مارکس و ئەنارکیزم

# یان مارکس و پرۆدۆن

## لە نێوان فەلسەفەی دیالەکتیکی هیگڵ و ئابووریی سیاسیدا؟



پرۆدۆن



مارکس

ئەنوەر نەجمەدین

جونی ٢٠٢٣

## بۆچی ئەم باسە؟

ئەم باسە وەڵامە بە ووتارێکی وەرگێڕدراوی (ڕۆدۆڵف ڕۆکەر-Rudolf Rocker، ١٩٢٥) کە لەژێر ناونیشانی (مارکس و ئەنارکیزم) دا، لە شارپرێسدا بڵاو کراوەتەوە.

ئێمە لێرەدا هەوڵدەدەین لە ڕێگای چەند تێبینیەکەوە لەسەر نووسینەکەی ڕۆدۆڵف، چەند بابەتێکی هاوپەیوەند بە ناکۆکیە هزریەکانی ئەم دوو سۆشیالیستەوە، مارکس و پرۆدۆن، ڕوون بکەینەوە، بەتایبەت لەو خاڵەدا کە بۆتە پێشەکی باسەکەی ڕۆدۆڵف کە دەڵێت: "دەتوانین سەرچاوەی عەقیدەی [دۆکتەرین] زێدەبەها، ئەو "دۆزینەوە زانستیيە" گەورەیەی کە مارکسیستەکانمان زۆر شانازی پێوە دەکەن، لە نووسینەکانی پرۆدۆندا بدۆزینەوە. لە سایەی ئەوەوە بوو کە مارکس بەو تیئیۆریە ئاشنا بوو".

ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە، گرنگتر لە هەموو شت، ئەوەیە لە ڕێگای ڕاوێژەوە ئەوە ڕوون بکەینەوە بۆ ئەنارکیستەکانی هاوڕێمان کە ئەسڵی ڕەخنەکانی کارل مارکس لە پرۆدۆن (Prudohn, 1809-1865) لە کتێبی "هەژاریی فەلسەفە" دا، دوور و نزیک پەیوەندی بە ڕەخنەی ئەنارکیزمەوە نییە، ڕەخنە نییە لە ئەنارکیزم، وە تەنانەت مارکس بە تاکە ووشەیەکیش ئەنارکیزمی یادنەخستۆتەوە لەو کتێبەدا، بەدرێژایی ژیانیشی شتێکی مەنهەجیی لەسەر (ئەنارکیزم) نەنووسیووە. پێدەچێت ڕۆدۆڵف کە تەنها ووشەیەکیشی لە "هەژاریی فەلسەفە" وە نیشان نەداوین لە ڕەخنەکانی مارکسدا لە تێزە ئابووریەکانی پرۆدۆن، بە تووڕەییەکی عەقیدەویانەوە لە بەرگی ئەو کتێبەی ڕوانی بێت و نەیتوانیبێت لاپەڕەکانی هەڵبداتەوە هەتا ببینێت: "هەژاریی فەلسەفە" لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەگرانەیە لە قوتابخانە ئابووریەکانی سەدەی هەژدەهەم و سەدەی نۆزدەهەم بە گشتی و تێز و چەمکە ئابووریەکانی پرۆدۆن بە تایبەتی کە مارکس ناوی ناوە میتافیزیکی ئابووریی سیاسی. مارکس لەو کتێبەدا تەواوی ئەو چەمکانە دەخاتەوە بەر تیشکی مێژوو، ئەمە لەکاتێکا پرۆدۆن تەواوی ژیانی ئابووریی کۆمەڵگای خستۆتەوە بەر سێبەری ئایدیای ڕووت، ئایدیای فەلسەفی. مارکسیش دەیەوێت بە پرۆدۆن بڵێت ئەم دژە دیالەکتیکیانەی پرۆدۆن لە نێوان دوانە ئابووریەکاندا دروستیان دەکات، چ پەیوەندیەکی بە ژیانی واقیعیەوە نییە.

با ئێستا لە چەند تێبینیەکدا وەڵام بەم نووسەرە سۆشیالیستیە بدەینەوە:

## تێبینی یەکەم: کامیان یاسای زێدەی بەهایان دۆزیەوە، مارکس یان پرۆدۆن؟

ئابووریی سیاسی هەر لە سەرەتاوە کاتێکی زۆری داوە بە لێکۆڵینەوە لەسەر بەها و نرخ و زێدەی بەها و کاتی کاری پێویست و کاتی کاری زیادە و هتد. مێژووی لێدوان لە خودی بەها خۆی، دەگەڕێتەوە بۆ هەزاران ساڵ لەمەوبەر. وەک کارل مارکس دەڵێت: وەڵام بەو پرسیارە (٢٠٠٠) ساڵی خایاند و ئەرستۆ بە هەڵواسراوی وەڵامەکەی بۆ دوای خۆی جێهێشت.

کارل مارکس دەڵێت: "ئەو نەیدەزانی ئەو بەهایە یەکسانیە لە کاری ئینسانیدا. ئەوەیشی ڕێی لە ئەرستۆ دەگرت لە وێنەی بەهای کاڵادا ئەوە ببینێت کە هەموو کارەکان بە کاری ئینسانی، وەک یەک تەعبیریان لێدەکرێت، واتە یەکسانن بە یەکتر، ئەوە ئەو کۆمەڵگا گرنگیە بووە کە لەسەر کاری کۆیلایەتی وەستا بوو، بنچینە سروشتیەکەی نەبوونی یەکسانی بووە لەنێوان خەڵکی و هێزی کارەکەیاندا، نهێنی دەستەواژەی بەها کە هاوسانیی هەموو کارەکان و بەرابەربوونیانە بەو واتایەی کاری ئینسانیین .. بەڵام

ئەمە نابینرێت لە کۆمەڵگایەکدا نەبێت کە وێنەی کاڵای تێدا بۆتە وێنەی گشتیی بەرهەمەکانی کار، بۆتە پەیوەندیەک کە خەڵکی وەک بەرهەمهێنی کاڵا و ئاڵوگۆڕکەر بەستووە پێکەوە، واتە بۆتە پەیوەندیەکی کۆمەڵایەتی سەروەر. ئەوەیشی عەبقەریەتی ئەرستۆ دەردەخات دۆزینەوەی پەیوەندیی یەکسانیە بۆ دەربڕینی بەهای کاڵا. ئەو حاڵەتە تایبەتیەی ئەو کۆمەڵگایەی ئەوی تێدا ژیاوە، ئەوە تەنها هۆکار بووە کە مەنعی ئەوی کردووە ئەو پەیوەندیە واقیعیە بدۆزێتەوە" (کارل مارکس، رأس المال، لاپەڕە: ١٠٦-١٠٧).

لە سەردەمی ئەرستۆوە ئەم یاسایە تاووتوێ دەکرێت. ئابووریی سیاسیش لە ١٧٠٠-کانەوە، لە شەخسی زانا ئابوریەکانیدا، ١٥٠ ساڵ زیاتر تاووتوێی یاسای بەهاو زێدەی بەهای کردووە. ئەمەیش هەر لەڕێوە بۆمان دەسەلمێنێت کە نە زێدەی بەها عەقیدەیە، وەک ڕۆدۆڵف دەڵێت، نە مارکس و نە پرۆدۆنیش خاوەنی ئەو چەمک و زاراوە ئابووریانەن، مارکسیش خۆی هەرگیز ئەوەندە گەمژە نەبووە خۆی بە دۆزەرەوە و داهێنەری یاسای زێدەی بەها دابنێت. ڕەخنەکانی مارکس لە ئابووریی سیاسی لەم خاڵەدا؛ لەوێوە دەستپێدەکات کە ئادام سمیس و ڕیکاردۆ بەتایبەتی لە تیۆریەکانیاندا چۆن لە بەها و نرخ و زیدەی بەها و کاری کەڵەکەبووی ڕابووردوو دەدوێن، کاری زیادە و بەهای کاڵا و نرخی بازاڕ چۆن دەستنیشان دەکەن. بەر لە مارکس و پرۆدۆن، ئابووریی سیاسی دان بەوەدا دەنێت کە کار بناغەی بەهایە، بەهای بەرهەمهاتوویش وەک ڕیکاردۆ دەڵێت دابەش دەبێت بەسەر کرێکار و سەرمایەداردا، یەکەمیان کرێی کار وەردەگرێت، دووهەمیان قازانج. ئەو بەردەوامیش لێکۆڵینەوەی لەسەر زێدەی بەها کردووە. ئەوەتا کارل مارکس دەڵێت: "ڕیکاردۆ بە بەهانەی لێکۆڵینەوە لە تێکڕای قازانج (معدل الربح)، لە واقیعدا تەنها لە ڕێژەی زێدەی بەها دەکۆڵێتەوە" (مارکس، رأس المال، ترجمة أنطون حمصي، الكتاب الثالث، الجزء الاول، ل: ٣٦٩).

واتە مارکس ئەوە دەبینێت ئابووریی سیاسی، ئابووریی برجوازی، بەر لەو (بێگومان بەر لە پرۆدۆنیش) باسی لە زێدەی بەها کردووە. باسەکەیش ئەوە نییە کامیان ڕۆژێک پێشتر دەرکی ئەم یاسا ئابووریەیان کردووە، بەڵکو ئەوەیە هەریەکەیان چۆن لەم یاسایە دەکۆڵنەوە و چ ئەنجامێک دەدەن بەدەستەوە. پرسەکەیش ئەوە نییە ئایا سمیس و ڕیکاردۆ و ئابووریناسانی تر بە یاسایەکی بنجبەست گەیشتوون یاننا؛ بەڵکو ئەوەیە ئەوان لە کام دیدی چینایەتیەوە دەڕواننە سیستمی بەها و زێدەی کار چۆن دەبینن لە لێکۆڵینەوەکانیاندا. وەڵامی ئەمەیش لەو هاوکێشە ناکۆکانەدا دەدۆزینەوە کە چۆنیەتی چارەسەری باسەکەمان دەدەنەدەست.

مارکس لە کتێبی سەرمایەدا جیاوازیی ئەو هاوکێشانە لە مەنهەج و مێتودی چینایەتیی جیاواز و ناکۆکدا، بەمجۆرە شیدەکاتەوە. با لە سەرەتایشدا ئەو هێمایانە نیشان بدەین کە لە کتێبی سەرمایەدا بەکارهێنراون:

C = بەهای کاڵا

c = سەرمایەی نەگۆڕ

v = سەرمایەی گۆڕراو.

s = زێدەی بەها.

k = نرخی تێچوون.

بەلای کارل مارکسەوە بەهای هەر کاڵایەک کە بە شێوازی سەرمایەداریی بەرهەمدەهێنرێت نەک بە شێوازی کۆمەڵگا کۆیلایەتیەکەی ئەرستۆ، بەم فۆرمە دەناسێنرێت:

.C = c + v + s.

بەپێچەوانەوە، ئابووری سیاسی ئەم هاوکێشەیەی خوارەوە بەکاردەهێنێت:

.C = k + s

ئەمە چیمان پێدەڵێت؟

ئابووریی سیاسی تێچووی بەرهەمهێنان لەبەرچاو دەگرێت = تێچووی بەرهەمهێنان + زێدەی بەها. کارل مارکس چارەسەرەکە بەمجۆرە دەبینێت: سەرمایەی نەگۆڕ + سەرمایەی گۆڕراو + زێدەی بەها. ئەمە بەهای بەرهەمهاتووە. ئەگەر زێدەی بەهامان لە بەهای بەرهەمەکە دەرکرد، ئەوکاتە ئەوەی دەمێنێتەوە بەهای سەرمایەیە بەڕووتی: c + v.

لەم دوو هاوکێشە جیاوازەدا دوو دیدگای چینایەتیی جیاواز دەبینین: یەکەمیان تەنها حسابی نرخی تێچووی کاڵاکە دەکات. بۆیە بەلای مارکسەوە: "تێچووی بەرهەمهێنان (كلفة الانتاج – production cost) لە ئابووریی سەرمایەداریدا، ڕووخسارێکی هەڵخەڵەتێنەرانەی هەیە" (مارکس، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل : ٦٣).

دووهەمیان حسابی بەهای سەرمایەی نەگۆڕ (کەرەسەی بەرهەمهێنان) + بەهای سەرمایەی گۆڕراو (کرێی هێزی کار) + (زێدەی کار) دەکات کە بەرهەمهێنی زێدەی بەهایە. ئایا ئەم لێکۆڵینەوەیەی دوایی بە بنجبەست گەیشتووە یاننا، ئەوە تەنها دەتوانین ئەوەندەی لە بارەوە بڵێین کە تا ئێستایش ڕەخنەکان هەمان ڕەخنەی ئابووریی سیاسین لە سۆشیالیستەکان لە چارەسەری ئەم یاسا ئابووریەدا.

لەلای مارکس ڕۆژی کار = کاتی کاری پێویست بۆ بەرهەمهینانی کاڵایەک کە بۆ بژێوی کارگەرە + کاتی کاری زیادە بۆ بەرهەمهێنانی زێدەی بەها بۆ خاوەنکار/سەرمایەدار. بەهای پێشتر یان بەهای کەڵەکەبووی سەرمایەیش، بەش بەش دەچێتەوە سەر تێچووی بەرهەمهێنان لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا. ئەمە تەواوی یاساکەیە لەسەر بنچینەیەکی تاقیگەیی.

سەرچاوە: Karl Marx, Capital, A Critique of Political Economy, Volume III

با ئێستا بێینە سەر پرۆدۆن: پرۆدۆن چۆن ئەم یاسا ئابوورییانە هەڵدەهێنجێت و چ دەرئەنجامێکیان لێوەردەگرێت؟

لەکاتێکا مارکس تاقیگەییانە یاساکان دەسەلمێنێت، یان لای کەم هەوڵی سەلماندنێکی تاقیگەییانەی یاسا ئابووریەکان دەدات، لەوکاتەدا پرۆدۆن فەلسەفیانە دەچێتە نێو یاسا ئابووریەکانەوە و لە هەر چەمکێک دوانەیەکی دیالەکتیکیی دژبەیەک دروستدەکات بۆ ئەوەی بۆچوونە هیگڵیانیستەکەی خۆی بسەلمێنێت. لە بەرامبەردا کارل مارکس دەیەوێت بڵێت ئەم جووتە دژە دیالەکتیکیانە بۆ لێکۆڵینەوە دەستنادەن لە ژیانی ئابووریدا. یاسای ماتریالیستی -سروشتی یان ئابووری- بە لۆژیکی دیالەکتیکی هەڵناهێنجرێت. بۆیە دەستپێکی ڕەخنەکانی مارکس لە پرۆدۆن، لە شێوازی پرۆدۆنیی هەڵهێنجانی یاسای ئابووریە کە لەسەر هەمان مێتودی هیگڵە، واتە لۆژیکی دیالەکتیکی:

مارکس دەڵێت: "هەر هەموو دیالەکتیکەکەی پرۆدۆن لە چی پێکهاتووە؟ لەوە پێکهاتووە دیالەکتیکی خستۆتە جێگای بەهای بەکارهێنان و بەهای ئاڵوگۆڕ، جێگای خستنەڕوو داخوازی، پێکهاتووە لە بۆچوونە ئابستراکت و دژەکان، وەک دەگمەن و لێشاو،

سوودمەندی و خەمڵاندن، یەک بەرهەمهێن و یەک بەکاربەر، کە هەر دوانەیەکیان *سوارچاکێکی ئیرادەی ئازادن*" (مارکس، هەژاریی فەلسەفە، ل : ٤٥).

ئەمە بەریەککەوتنی ئەم دوو سۆشیالیستەیە، مارکس و پرۆدۆن، ئەمەیش دوورێیانێکی جیاوازە لە (مەنهەج و مێتود) ی لێکۆڵینەوەدا. مارکس مێتودی تاقیگەیی بەکاردەهێنێت، پرۆدۆن مێتودی فەلسەفی، فەلسەفەکەی هیگڵ: لۆژیکی دیالەکتیکی! ئەمەیش دوورونزیک پەیوەندی بەو ناکۆکیە دروستکراوەوە نییە کە هاوڕێ ئەنارکیستەکان دروستیان کردووە و (مارکس و ئەنارکیزم) یکیان لێپێکهێناوە.

کارل مارکس دەڵێت: "هیگڵ هیچ کێشەیەکی نیە دایبڕێژێت. تەنها دیالەکتیکی هەیە. پرۆدۆنیش هیچی لە دیالەکتیکی هیگڵ نەهێناوە زمان نەبێت. بەلای ئەوەوە، بزووتنەوەی دیالەکتیک، جیاکردنەوەیەکی دوگماتیکی نێوان چاکەو خراپەیە" (هەژاریی فەلسەفە، ل : ١٣٨).

جگە لەمە پرۆدۆن دەیەوێت هەموو جیهان و یاسا ئابووریەکانی بباتەوە بەر سێبەری ئیرادەی چاک و ئیرادەی ئازاد. لەسەر گووتەی مارکس، پرۆدۆن گووتوویەتی: "ئەوە سەلمێنراوە کە ئەوە ئیرادەی ئازادی مرۆڤە، دژایەتی لە نێوان بەهای ئاڵوگۆڕو بەهای بەکارهێناندا دروست دەکات" (هەژاریی فەلسەفە، ل: ٤٠).

ئا لەم ئیرادەی ئازادەوە ناکۆکی نێوان ئەم دوو سۆشیالیستە قووڵدەبێتەوە کە هەمان ناکۆکی مارکسە لەگەڵ فەلسەفە و مێتودە دیالەکتیکیە هەژارەکەی. پرۆدۆن لە پێشا بە لۆژیکی دیالەکتیکی یاساکان هەڵدەهێنجێت، بۆ نموونە (دژایەتی بەهای بەکارهێنان و بەهای ئاڵوگۆڕ)، لە دەرئەنجامگیریەکەیشیدا وا نیشان دەدات کە ئەوە ئیرادەی ئازادی مرۆڤە  ئەم دژایەتیەی لەو یاسایەدا دروست کردووە.

ئا ئەم ئیرادەی ئازادە هەژاریی فەلسەفە و مێتودە لۆژیکیە دیالەکتیکیەکەیەتی کە هیگڵ بە جیهانی ڕادەگەیەنێت و پرۆدۆن جیهانی ئابووریی پێ شیدەکاتەوە. لێرەدا پرۆدۆن مێژوو جێدەهێڵێت و دەچێتە جیهانی ئایدیاوە، ئەو وەک هیگڵ دەچێتە دەرەوەی مێژوو، پاشان دژە ئابووریەکان لە زنجیرەیەکی لۆژیکیدا نەک مێژوویی، دەبەستێت بەیەکەوە. واتە کات، زەمەن، بوونی نییە لەلای پرۆدۆن هەروەک هیگڵ. مارکس دەڵێت پرۆدۆن نووسیوویەتی:

"ئێمە مێژوویەک پێشکەش ناکەین لەسەر زنجیرەی سیستمی کات، بەڵکو لەسەر زنجیرەی ئایدیا پێشکەشی دەکەین ... تیۆریە ئابووریەکان زنجیرەی لۆژیکی خۆیان و ئەڵقەی پەیوەندیی یەک لە دوای یەکی خۆیانیان هەیە بۆ  تێگەیشتن: ئا ئەمە ئەو سیستمەیە کە پیرۆزبایی دۆزینەوەی لە خۆمان دەکەین" (پرۆدۆن، فەلسەفەی هەژاری، بەرگی ١، ل : ١٤٦)، (بڕوانە مارکس، هەژاریی فەلسەفە، ل : ١٢٧).

مارکس لە ڕەخنەکانیدا لە پرۆدۆن ئەوە نیشان دەدات کە کۆمەڵ و پەیوەندیەکانی و یاسا کۆمەڵایەتیەکان، بە زنجیرەی لۆژیکی، بە لۆژیکی عەقڵی شیناکرێنەوە، بەڵکو بەدواداگەڕان و کۆکردنەوەی داتا و بەراووردکردنیان و شیکردنەوەیان ڕێگایە بۆ گەیشتن بە دەرئەنجام، بە یاسا. بۆیە لە وەڵامی ئەم هەنگاوە لۆژیکیانەدا دەڵێت: "ئا ئەم مێتودە لەسەر کاتێگۆریەکانی ئابووری سیاسی پراکتیزە بکە، لۆژیک و میتافیزیکی ئابووریی سیاسیت دەستدەکەوێت، یان، بە دەستەواژەیەکی تر، ئەو کاتێگۆریە ئابووریانەت وەگیردەکەوێت کە هەموو کەس دەیانزانێت، بەڵام وەرگێڕدراون بۆ زمانێک کە کەم ناسراوە [مەبەست زمانی دیالەکتیکیە]، وە

وایشیان لێدەکات وا بنوێن وەک ئەوەی تازە لە سەری عەقڵی بێگەرددا گەشابێتنەوە، ئەو کاتێگۆریانەیش وا دەردەخرێن وەک ئەوەی ئەمە بە کاری بزووتنەوەی دیالەکتیکی پێکەوە بەسترابێتن و لە یەکەوە ئالابێتن" (هەژاریی فەلسەفە، ل : ١٣٣).

تەواوی ئەم ڕەخنانەیش لە پرۆدۆن، ڕەخنەیە لە مێتودە هەژارەکەی هیگڵ کە هەرگیز ناتوانرێت بۆ شیکردنەوەی جیهانی ماتریالیستی و یاسا ئابووری و کۆمەڵایەتیەکان و پەیوەندیە مێژووییەکان بەکاربهێنرێن.

مارکس دەڵێت: لەلای هیگڵ "مێژوویەک لەسەر زنجیرەی کات" بوونی نییە، بەڵکو هەر تەنها "زنجیرەی ئایدیا لە کۆنسێپتەکاندا" بوونی هەیە. هیگڵ وادەزانێت جیهان بە بزووتنەوەی بیر بینا دەکات، ئەمە لەکاتێکا ئەو، هەر تەنها سیستماتیکیانە، بە مێتودی ڕەها، بە بینا کردنەوە و پلەبەند کردنی ئەو بیرکردنەوانەوە خەریکە کە لە عەقڵی هەموو کەسێکدایە" (ل : ١٣٤).

ئەمە کۆی ڕەخنەی مارکسە لە فەلسەفە و مێتودە لۆژیکیەکەی، لە هیگڵ، لە پرۆدۆن، لە هەژاریی فەلسەفە. بەم واتایە، ئەوەی ڕۆدۆڵف دەستنیشانی نەکردووە ئەوەیە کە مارکس دەڵێت: "هەوڵی ناساندنی مولکداریتی وەک پەیوەندیەکی سەربەخۆ، کاتێگۆریەکی دابڕاو، ئایدیایەکی ئابستراکتی هەتاهەتایی، هیچی لێدەرناچێت وەهمێکی میتافیزیکانە یان شەریعەتمەدارانە jurisprudence نەبێت" (ل : ١٨٨).

بە کورتی، نە ژیانی بەرهەمهێنان و دابەشکردن و ئاڵوگۆڕ و بەکاربردن بە تێز و دژەتێزی دیالەکتیکی ڕووندەکرێتەوە، نە ڕەخنەی پرۆدۆنیش لە مارکسەوە پەیوەندی بە ئەنارکیزمەوەیە، ئەمە هەروەک چۆن ڕەخنەکانی مارکس لە شتێرنی ئەڵمانی، دوورونزیک پەیوەندی بە ئەنارکیزمەوە نییە. بەڵکو لە کورتکردنەوەدا مارکس دەیەوێت بیسەلمێنێت کە فەلسەفەیش وەک هیگڵ و فۆیەرباخ دەڵێن هەر ئاینە، فەلسەفەی ئەڵمانییش ئەو مەیدانەی جێنەهێشتووە، بۆیە دەڵێت:

"تەنانەت لە دواین خۆهیلاک کردنیشیدا، ڕەخنەی ئەڵمانی مەیدانی فەلسەفەی جێنەهێشت .. وە هەموو ئەو پرسیارانەیشی دەیخستنەڕوو لە بارەی خۆیەوە، هەمووی بەبێ جیاوازی .. لە زەویی سیستمێکی فەلسەفی دیاریکراوەوە سەریهەڵدەدا کە فەلسەفەکەی هیگڵ بوو" (کارل مارکس، الایدیولوجیة الالمانیة، ل : ٢٢). ئەمە هەمان ڕەخنەیە لە شتێرنر و پرۆدۆنیش کە مەیدانی فەلسەفەیان جێنەهێشتووە و ئەو فەلسەفەیەیش لە زەویی سیستمێکی فەلسەفی دیاریکراوەوە سەرهەڵدەدات کە فەلسەفەکەی هیگڵە. بۆیە ئەوەی دەیەوێت هاوبەشیەک بکات لە ڕەخنەی مارکسدا و بەرگری لە تێزەکانی پرۆدۆن بکات، ئەوە دەبێت بکەوێتە شەڕی نێوان مارکس و هیگڵەوە نەک مارکس و ئەنارکیزم، دەبێت لە پێشدا یەکێک لەو دوو مەنهەجە هەڵبژێرێت کە مارکس و هیگڵ بەکاری دەهێنن لە لێکۆڵینەوەکانیاندا: فەلسەفە و ماتریالیزمی مێژوویی. بەداخەوە هەتا ئەم ساتەوەختەیش، تاکە ئەنارکیستێک ئەو کارەی ئەنجام نەداوە، هەموو باسەکەشیان هەڵگێڕاوەتەوە و کراوە بە شەڕی کۆمۆنیزم و ئەناکیزم. ئەو شەڕە ئەسڵێکی نییە.

## تێبینی دووەم: دەوڵەت لە نێوان مارکس و پرۆدۆندا

لە بەردەوام بوونی باسەکەیدا ڕۆدۆڵف دەڵێت: مارکس لەژێر کاریگەریی پرۆدۆندا و هاوشێوەی ئەو هێرش دەکاتە سەر دەوڵەت، ئیتر بەبێ ئەوەی ڕۆدۆڵف هیچ سەرچاوەیەکی بەراووردکاری بخاتەڕوو کە نیشامان دەدات پرۆدۆن چی گووتووە و گووتەکانی مارکس لە کوێدا دەچێتەوە سەر پرۆدۆن. بەڵام نازانین ئەمە چ عەیبەیەکی تێدایە ئەگەر مارکس لەژێر کاریگەریی پرۆدۆندا بە دەرئەنجامێکی دیاریکراو گەیشتبێت، هەر دەرئەنجامێک؟ بەتایبەت دەربارەی دەوڵەت ، سۆشیالیزم، زێدەی بەها. بەڵام بەپێی

ئاگاداریی ئێمە، ئەو باسەی مارکس کە ڕۆدۆڵف پەنجەی بۆ ڕاکێشاوە لە ١٨٤٤ دا نووسراوە. ئەمە لەکاتێکا مارکس لە ١٨٤٣ دا جەوهەری مێژوویی دەوڵەت لە فۆرمە سیاسیە سیکۆلارە کامڵەکەیدا دەپشکنێت وەک دواین فۆرمی مێژوویی دەوڵەت.

مارکس دەڵێت: " دەوڵەت دەتوانێت خۆی لە بەربەستێک ڕزگار بکات، بەڵام بەبێ ئەوەی مرۆڤ ڕزگاری بووبێت لە دەوڵەت، وە لە واقیعیشدا دەردەکەوێت کە دەوڵەت دەتوانێت ئازاد بێت، بەڵام بەبێ ئەوەی مرۆڤ ئازاد بێت تیایا" ( The Jewish Question, 1843). بەلای مارکسەوە: "لە سیستمی دەوڵەتدا، ئازادی شەخسی بوونی نیە تەنها بۆ ئەو کەسانە نەبێت لە چوارچێوەی پەیوەندیە چینایەتیە سەروەرەکاندا پێشدەکەون / German Ideology ١٩٤٦).

دووبارە دەپرسین چ عەیبێکی تێدایە مارکس لە پرۆدۆن یان سیسمۆندیەوە فێر بووبێت؟ ئەم شەڕە لەسەر هیچ؛ ئەوەیە کە گوایە مارکس ئەمەی لە پرۆدۆن وەرگرتووە. فەرموون ببینن ئەنارکیستێکی تر چی دەڵێت:

لەکاتێکا (ڕۆدۆڵف ڕۆکەر) ی ئەڵمانی دەڵێت مارکس لەژێر کاریگەریی پرۆدۆندا کەوتۆتە لێدان لە دەوڵەت، (دانێل گۆرین) ی سویدی دەڵێت: "مارکس لەژێر کاریگەریی ڕەخنەکانی باکۆنیندا هەستی بە ڕاسکردنەوەی بۆچوونەکانی کرد دەربارەی دەوڵەت" بڕوانە (کۆپی ئەلەکترۆنی لە ئینترنێتدا، وەرگێڕانی بۆ عەرەبی: مازن کم الماز)

کام لەم دوو هاوڕێ ئەنارکیستە دروستن لە دەستنیشانکردنەکانیاندا؟ ئەی چ عەیبێکی تێدایە ئەگەر ئەمە وابێت؟ هەرچەندە لێرەدا گرنگ ئەمە نەبوو، بەڵکو ئەوەیە ئەم لێکدانەوەیەی کارل مارکس بۆ دەوڵەت ئەنارکیستی نییە، وەک ڕۆدۆڵف دەڵێت، بەڵکو کۆمۆنیستیە، بەڵێ کۆمۆنیستیە. دروست ئەوەیە بگووترێت: مارکس و ئەنارکیستەکان لەم خاڵەدا بەباشی یەکدەگرنەوە کە خاڵە هەرە سەرەکیەکەی نێو بزووتنەوەی سۆشیالیستیە، ئەمە هەروەک چۆن سۆشیالیستەکانی فەرەنسا بە بلانکیست و پرۆدۆنیست و کۆمۆنیستەوە لە شۆڕشە مەزنەکەی پرۆلێتاریادا، شۆڕشی کۆمۆنە، یەکیان گرتەوە. بۆیە لەبری قووڵکردنەوەی ئەم گێژاوە، دەبێت ئەنارکیستەکانی هاوڕێمان بچنە سەر ئەسڵی ڕەخنەکەی کارل مارکس هەتا ببینن ئەمە پرسی (مارکس و ئەنارکیزم) نییە، بەڵکو ڕەخنەی مارکسە لە پرۆدۆن، جا پرسەکە هەڵە بێت یان ڕاست، دەبێت هەموو ڕەخنەیەک لە مارکس، لەو ڕەخنانەوە دەستپێبکاتەوە.

## تێبینی سێیەم: سۆشیالیزم لە نێوان مارکس و پرۆدۆندا

ڕۆدۆڵف دەڵێت گوایە پرۆدۆن کاریگەریی لەسەر گەشەسەندنی سۆشیالیزمی مارکس داناوە. ئەمەیش عەیبی تێدا نییە. بەڵام لە واقیعدا وەڵامی مارکس بە ڤاگنەر، وەڵامە بەم نووسەرە سۆشیالیستیەیش. مارکس دەڵێت: "بەپێی ڕای ڤاگنەر تیۆریەکەی مارکس لە بەهادا (بەردی بناغەی مەزهەبە سۆشیالیستیەکەیەتی). بەڵام لەکاتێکدا من هیچ (مەزهەبێکی سۆشیالیستیم) دانەناوە، ئەوا ئەوە هەر خەیاڵێکە لە ڤاگنەر و شۆفڵ و نموونەکانیانەوە" (رأس المال، الكتاب الاول، الجزء الثالث، ترجمة انطون حمصي، ل : ٣٧٧).

تاقیگەی کۆمۆنیستەکان بە مارکسیشەوە، مێژووە نەک زنجیرەی لۆژیکی ئایدیا. کاری مارکسیش دروستکردنی ئایدیۆلۆژیایەک نییە، بەڵکو لێکۆڵینەوەیە لە گەشەی ئابووری-مێژوویی و دەرئەنجامگیری لە وانەکانی شۆڕشە برجوازیەکان و شۆڕشە پرۆلێتاریەکان، هەر لە ئاستی جەنگە چینایەتیەکان و داخوازیە مێژووییەکانیشیەوە دەچێتە سەر داخوازیە پرۆلێتاریە

سۆشیالیستیەکان. ئەو جیاوازیە و ڕەخنەی کارل مارکس لە مافپەروەران بە ئەنارکیستەکانیشەوە، دەخەینە دواین تێبینی. ئێستا ئەوەندە بە بەس دەزانین کە مارکس ئا بەمجۆرە مێژوو دەخوێنێتەوە: "٢٥ فێبروەری ١٨٤٨، کۆمارێکی دا بە فەرەنسا، ٢٥ حوزەیران شۆڕشی سەپاند بەسەر فەرەنسادا. بەڵام شۆڕش دوای حوزەیران یانی: ڕووخاندنی کۆمەڵگای برجوازی، ئەمە لەکاتێکا بەر لە فێبروەری، یانی: ڕووخاندنی شێوەی دەوڵەت" (النضال الطبقي في فرنسا ١٨٤٨-١٨٥٠).

## تێبینی چوارەم: مارکس و سۆشیالیزمی زانستی

ڕۆدۆڵف هەوڵدەدات مارکس وەک داهێنەری سۆشیالیزمی زانستی بناسێنێت. بەڵام مارکس بە ڕوونی ڕەخنەی سۆشیالیزمی زانستی و کۆمۆنیزمی زانستیی گرتووە و ئەو دیدگایە بە یۆتۆپیا دادەنێت و دەڵێت: "ئەگەر پرۆلێتاریا هێشتا گەشەیەکی تەواوی نەکردبێت و خۆی وەک چینێک پێکنەهێنابێت، وە وەک دەرئەنجامی ئەوەیش، هێشتا خودی خەباتی پرۆلێتاریا لەگەڵ برجوازیەت، خەسڵەتێکی سیاسی وەرنەگرتبێت، وە هێشتا هێزەکانی بەرهەمهێنان، لە باوەشی برجوازیەت خۆیدا، پێشکەوتنێکی تەواوی بەخۆیەوە نەبینیبێت کە توانای سەرنجێکی ووردبینانەمان بداتێ دەربارەی ئەو مەرجە ماتریالیستیانەی پێویستن بۆ ڕزگار بوونی پرۆلێتاریا و پێکهاتنی کۆمەڵگایەکی نوێ، ئەوا ئەو تیۆریستانە هەر ئەو یۆتۆپیانەن کە بۆ وەدیهێنانی ئارەزووەکانی چینی چەوساوە، مەزهەب دادەنێن و دەکەونە گەڕان بەدوای زانستێکی نوێدا. بەڵام بەو پێوانەیەی مێژوو دەجووڵێت بەرەو پێشەوە، وە لەگەڵیشیدا هێڵە گشتیەکانی خەباتی پرۆلێتاریا ڕوونتر دەبێتەوە، ئیتر چیتر پێویستیان بەوە نامێنێت لە زیهنی خۆیاندا بۆ زانستێک بگەڕێن" (هەژاریی فەلسەفە، ل: ١٥٢).

سۆشیالیزمی زانستی چ پەیوەندیەکی بە مارکسەوە نییە. ئەوە یەکێکی ترە لە سۆشیالیستەکان (ئینگڵس) کتێبێکی لەژێر ناونیشانی (سۆشیالیزمی یۆتۆپی و سۆشیالیزمی زانستی) دا بڵاوکردۆتەوە.

## تێبینی پێنجەم: تێبینیە گرنگەکەی ڕۆدۆڵف

ڕۆدۆڵف باشی بۆچووە: هەندێ جار لە بزووتنەوەی سۆشیالیستیدا شتی نەفامانە ڕوودەدات لە بێئاگاییەوەیە. ئەمە لەنێو هەموو سۆشیالیستەکاندا دەبینرێت، بە پرۆدۆن و مارکسیشەوە. ڕاستیەکیش هەیە کە دەبێت دانی پێدا بنرێت، ئەویش ئەوەیە کە گەلێجار مارکس لە کتێبی (هەژاریی فەلسەفە) دا بەتوندی پەلاماری پرۆدۆن دەدات. بەڵام ئەوە هەرگیز پەلاماری ئەنارکیزم نییە، بەڵکو هێرشە بۆ سەر تێزە ئابووریەکان کە لە سروشتە کۆمەڵایەتیە مێژوویەکەیان داماڵراون و خراونەتە بەرگێکی فەلسەفیەوە. بۆیە ڕێمان بدەن لێرەدا بچینە سەر (ئەنارکیزم) و (مارکس و ئەنارکیزم).

## تێبینی شەشەم: ئەنارکیزم

ئەنارکیزم یەکێکە لە ئاراستە سۆشیالیستیەکان و وەک مارکسیزم چەندان قوتابخانە و باڵی جیاوازی لێکەوتۆتەوە. هەتا سەدەی نۆزدەهەمیش ئەو زاراوەیە (ئەنارکیزم) بە مانا پۆزەتیفەکەی بەکارهێنراوە: نەبوونی دەسەڵات (اللاسلطوية). لە سەدەی بیستەمدا ئەو زاراوەیە زۆر نێگەتیف ناسێنرا، بەڵکو تیۆریزانەکانی دەوڵەت، ووشەی ئەنارکیزمیان وەک ئاژاوەگێڕ "الفوضوي" بە جیهان ناساند. ئەوانەیشی لەم سەرنجە کورتەدا لەسەر (ئەنارکیزم) جێی بایەخی ئێمەن، ئەم سێ تەوژمەی خوارەوەن:

### ئەنارکیزمی ئازادیخواز:

ئەنارکیزمی ئازادیخواز (الانارکیة التحرریة) کە بە خۆیشی دەڵێت کۆمۆنیزمی ئازادیخواز (الشیوعیة التحرریة)، هێمایە بۆ ئەو ئەنارکیستانەی دەیانەوێت لە ئۆردووگایەکی ئەنارکیستی سەربەخۆدا کۆمۆنیزم دابمەزرێنن. ئەم قوتابخانەیە کە فەلسەفەی تاکگەرایی بنەمای تێڕوانینەکانێتی، ئەو فەلسەفەیەی لەگەڵ گەشەی کۆمەڵگای برجوازیدا بووە بەشێک لە تێڕوانینی کۆمەڵناسیی برجوازیەکان و زانستی برجوازیی سایکۆلۆژیستەکان، گۆڕینی کۆمەڵگا بە خودگۆڕی (گۆڕینی خود) دەزانن، بۆیە وا دەبینن ئەوەندە بەسە ژمارەیەک لە خەڵکی، پێک بێن و بە گرێبەستی کۆمەڵایەتی (العقد الاجتماعی)، لە هەر شوێنێکدا بیانەوێت، کۆمەڵگایەکی نوێ بۆ خۆیان پێکبهێنن لە ڕێگای دیموکراسیەتی ڕاستەوخۆوە، لەنێو خودی کۆمەڵگای سەرمایەداریدا، ئیتر ئەمە بەبێ هیچ ئەژمارکردنێک بۆ دەسەڵاتی دەوڵەت و سیستمی سەروەری بەرهەمهێنان. ئەوان وا دەزانن، دەتوانن دوورگەیەکی بچووک لەم جیهانە جیا بکەنەوە و کۆمەڵگایەکی سۆشیالیستی تێدا دابمەزرێنن. ئەمەیش هەمان ئەو کۆمەڵگایەیە کە (ڕۆبێرت ئۆین) ی ئینگلیزی، لە چەند تاقیکردنەوەیەکدا لە بریتانیاو ئەمریکادا لە ١٨٢٥ دا، لە سەردەمێکدا کە هێشتا سەرمایەداریی لە سەرەتای گەشەیدا بوو، هەوڵی دامەزراندنی ئەو کۆمەڵگا خەیاڵیەی دەدا. دواجار هەموو تاقیکردنەوەکانی ئۆین بە سەرمایە تاککەسیە زۆرەکەیەوە، چوون بە حەواداو بوونە سەلمێنەری ئەو ڕاستیە مێژووییەی کە ئەو جۆرە سۆشیالیزمە هیچ نییە یۆتۆپیایەک نەبێت (بۆ ڕوونبوونەوەی زیاتر، بڕوانە: (ئەنور نەجمەدین، الکومونة والتعاونیات الأنارکیة الحرة، الحوار المتمدن، ساڵی ٢٠١٤، وەڵامێک بە "سامح عبود"، یەکێک لە ئەنارکیستەکانی میسر).

سەرچاوە: http://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=402468

### ئەنارکیزمی سەندیکایی

ئەم تەوژمە پەنادەباتە بەر خەباتی ڕۆژانە لە بزووتنەوەی کرێکاریدا. ڕۆدۆلف ڕۆکەر (١٨٧٣-١٩٥٨)، یەکێک بووە لە ناسراوترینی ئەم تەژمە ڕێفۆرمیستە لە ئەڵمانیادا. وە هەر ئەو ئەڵمانیانەیش بوون چوونە ئەمریکاوە و کاریگەریەکی زۆریان لەسەر بزووتنەوەی سەندیکایی جێهێشت لە سەدەی نۆزدەهەمدا. واتە هەر لە ڕێگای کۆچەریە ئەڵمانیەکانی حەفتاکانی سەدەی نۆزدەهەمەوە، ئەنارکیزمی سەندیکایی (الانارکیة النقابیة)، گەیشتۆتە ئەمریکا و هیچیشی بە بزووتنەوەی کرێکاری پێشکەش نەکرد ڕێفۆرم نەبێت.

سەندیکا ڕێکخراوی بەرگریە لە ماف، مافی سیاسی، نەک ڕێکخراوی شۆڕش، کە ئەو مافەیش وەک باکۆنین دەڵێت (دەوڵەت دیاری دەکات). دەبێت ئەوەیش بڵێین کە گەلێک لە ئەنارکیستەکان هیچ ڕێکخراوێک بە پێویست نازانن. هەردوو ئەنارکیستی شۆڕشگێر، باکۆنین و کرۆپۆتکین، بە توندی دژی ئەو ئاراستەیە دەوەستنەوە.

### ئەنارکیزمی کۆلێکتیڤسیت

ڕەگی ئەم قوتابخانە ئەنارکیستیە (ئەنارکۆ کۆلێکتیڤیزم - الانارکیة الجماعیة، اللاسلطویة الجماعیة -Anarcho-collectivism) دەگەڕێتەوە سەر میخائیل باکۆنین (١٨١٤-١٨٧٦). ئەم تەوژمە شۆڕشگێڕە لە ئەنارکیزم کە خۆی وەک ئاراستەیەکی سۆشیالیستی بەیان دەکات لە بزووتنەوەی پرۆلێتاریدا و سیستمی بەرهەمهێنانی هەرەوەزکاریی کۆمۆنی بە ئاڵترناتیڤی سیستمی

بەرهەمهێنانی ڕکابەریی سەرمایەداریی دادەنێت، داوای لەناوبردنی موڵکداریتی تایبەتیی کەرەسەکانی بەرهەمهێنان دەکات، ئیتر ئەمە بە موڵکداریتی تاک و موڵکداریتی دەوڵەتیشەوە کە هەر موڵکداریتی تایبەتیی سەرمایەدارییە. ئەم تەوژمە وا دەبینێت کە دەبێت لە ڕێگای شۆڕشی کۆمەڵایەتییەوە موڵکداریتی، کۆلێکتیف بکرێت، دەبێت کۆلێکتیڤیزم جێگای موڵکداریتی تایبەتی بگرێتەوە، بەجۆرێک کە بەرهەمهێنەران خۆیان، لە سیستمی خۆبەڕێوەبردندا ڕێکخەری بن. لەو سیستمەدا ڕێکخستنی پیرامیدی (هرم)، ڕێکخستن لە سێبەری دەسەڵاتی سیاسیدا، جێگای نابێتەوە.

باکۆنین دەڵێت: "زۆر دەمێکە مرۆڤایەتی گەیشتۆتە ئیدارەکردنی خۆی، سەرچاوەی کارەساتەکانیشی لە ئەم یان ئەو شێوەی دەسەڵاتدا نیە، بەڵکو لە جەوهەری خودی دەسەڵات خۆیدایە" (میخائیل باکۆنین).

بەلای باکۆنینەوە: "پرنسیپی دەسەڵات ئایدیایەکی تیۆلۆژی و میتافیزیکی و سیاسیەو پێمان دەڵێت جەماوەر ناتوانێت حوکمی خۆی بکات، بەڵکو دەبێت لە هەموو کاتێکدا، خەڵکی ملکەچی دەسەڵاتی ئەو خێرخواز و خاوەن حیکمەو عەدالەتانە بن کە بەم یان بەو شێوە، لە سەرەوە دەسەپێنرێت بەسەر کۆمەڵدا" ..

ڕەخنەی باکۆنین لە سیستمی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریی، لەمەدا کورت دەکرێتەوە: "کارگەر بۆ ماوەیەکی دیاریکراو، کەسایەتی خۆی و ئازادی خۆی دەفرۆشێت" .. "موڵکداریتییش سەبارەت بە سەرمایەدار یانی دەسەڵات و ماف، کە ئەمەیش دەوڵەت دابینی دەکات".

هەروەها دەڵێت: "خاڵی گرنگ ئەوەیە کە ئینترناسیۆنالیزم ناتوانێت لە دەوڵەتدا خۆی ڕێکبخات، ناتوانێت ئەم کارە بکات، لەبەر ئەوەی ئینترناسیۆنالیزم، وەک ناوەکەی دەڵێت، یانی لەناوبردنی سنوور، ئەمە لەکاتێکدا هیچ دەوڵەتێک بوونی نیە بەبێ سنوور، بەبێ سەروەریتی. دەوڵەتی فراوانیش [دەوڵەتی جیهانی]، خەونی ستەمکارە هەرە گەورەکانی جیهان بووە و مێژوویش سەلماندوویەتی ئەوە هەرگیز وەدی نایەت" (باکۆنین).

سەرچاوەکان:

- The Revolutionary Ideas of Bakunin
- Centralism eller självförvaltning, Michail Bakuni

لەم خاڵەدا هیچ ناکۆکیەک نابینرێت لە نێوان کۆمۆنیزم و ئەنارکیزمدا، لە نێوان مارکس و باکۆنیندا. ئەوەتا مارکس بە هەمان شێوە دەڵێت:

"ئەگەر بەرهەمهێنانی هەرەوەزکاریانە قسەیەکی بۆش و هەڵخەڵەتێنەرانە نەبێت، ئەگەر ئەو هەرەوەزکاریانە بخرێنە جێگای سیستمی سەرمایەداری، وە ئەگەر کۆمەڵێک هەرەوەزکاری بەپێی نەخشەیەکی هاوبەش بەرهەمهێنانی نیشتمانییان ڕێکخست و خرانە ژێر دەستی ئەو هەرەوەزکاریانەوە، ئا بەوجۆرە سنوورێک بۆ ئاژاوەی هەمیشەیی و نۆبە دەورییەکان دادەنرێت و ئەمەیش سەرکەوتنی حەتمی دەبێت بەسەر بەرهەمهێنانی سەرمایەداریدا -وە لێتان دەپرسین، ئەی سەروەرەکان، ئا ئەمە کۆمۆنیزم نیە کۆمۆنیزمێکی (تەواو مومکین)؟" (مارکس، کۆمۆنە).

## تێبینی حەوتەم: مارکس و ئەناکیزم

ئێستا گەیشتینە بەردەم (مارکس و ئەنارکیزم)، لەوەیشدا دەمانەوێت هاوبەش و جیاوازیی مارکس و باکۆنین لە چەند خاڵێکدا نیشان بدەین، دەنا وەک لە سەرەتاوە ڕوونمان کردەوە: مارکس نووسراوێکی مەنهەجی نییە لەسەر ئەنارکیزم. مادام تاقیگەکەیشمان مێژووە، ئەوا دەگەڕێینەوە سەر مێژوو، بەتایبەت شۆڕشی کۆمۆنە لە نێوان مارکس و باکۆنیندا.

مارکس و باکۆنین دوو کۆمۆنیین، دوو لایەنگری بە حەماسی کۆمۆنەن، هەردووکیان وا دەبینن دەوڵەت سیستمی کۆیلایەتیە. ڕێگای دەرچوونیش لە سەرمایەداریی لە ڕێگای ڕزگاربوونەوە دەبینن لە دەوڵەت. شۆڕشیش بە سەرکەوتن دادەنێن بەسەر دەوڵەتدا نەک بە گۆڕینی فۆرمێکی سیاسی دەوڵەت بە فۆرمێکی تری، پادشایەتی بە کۆماری، دەستووریی ڕەها بە دەستوریی پەرلەمانی، ئاینی بە سیکۆلار.

کارل مارس دەڵێت: "شۆڕشی کۆمۆنە دژی ئەم یان ئەو شێوەی دەسەڵات نەبوو، شەرعی، دەستووری، کۆماری یان پادشایەتی، بەڵکو شۆڕشێک بوو دژی خودی دەوڵەت خۆی" (مارکس، کۆمۆنە).

باکۆنین دەڵێت: "من لایەنگری کۆمۆنەی پاریسم .. بەر لە هەموو شتێکیش لایەنگریم لەبەر ئەوەی دەربڕینێکی ئازایانە و ڕوونی نەفی کردنی دەوڵەت بوو" (باکۆنین).

لەگەڵ ئەوەیشی ئەم دوو شۆڕشگێڕە لە هەمان مەنهەجی ماتریالیزمی مێژوویەوە خوێندنەوە بۆ مێژوو دەکەن، بەڵام ئەمە هەرگیز ئەوە ناگەیەنێت هەڵە بەشێک نەبووە لە ژیانیان. بۆ نموونە: باکۆنین و مارکس هەردووکیان بەر لە ڕوودانی شۆڕشی کۆمۆنە، باسیان لە نزیک بوونەوەی ئەو شۆڕشە کردووە لە فەرەنسادا بە چەند ساڵێک بەر لە ڕوودانی شۆڕشی کۆمۆنە. بەڵام هەریەکەیان جۆرە دەرئەنجامێکیان لێوەرگرتووە و خلافێکی گەورەشیان پێوە دیارە.

باکۆنین لە دەرئەنجامگیریەکەیدا لە کۆمۆنە دەڵێت: "سۆشیالیزم یەکێتیەکی فیدراڵیە .. بە گشتییش کۆمۆنە لە مانیفێستەکەیدا ڕایگەیاند کە نایەوێت یەکێتی نیشتمانی لە فەرەنسادا هەڵبوەشێنێتەوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە دەیەوێت ژیان بۆ ئەو یەکێتیە بگێڕێتەوە و بەهێزتری بکات و ئازادیی تەواو و ڕاستەقینە بۆ گەل بەرهەمبهێنێت. کۆمۆنە نیشتمانی دەویست، گەلی دەویست، یەکێتی کۆمەڵگای فەرەنسی دەویست، نەک دەوڵەت" (مختارات باکونین، بە زمانی سویدی Centralism eller självförvaltning ).

مارکس چۆن دەڕوانێتە ئەم سۆشیالیزمە فیدراڵیە؟

بەلای ئەوەوە ئەو کۆمۆنە نوێیەی خۆی لە دەسەڵاتی دەوڵەتی مۆدێرن دادەبڕی، هەروەک ژیاندنەوەی ئەو کۆمۆنانەی چەرخەکانی ناوەڕاست بوو کە دەکەوتنە بەر لە سەرهەڵدانی دەسەڵاتی دەوڵەت. بە واتای مارکس ئەو کۆمۆنەیە هەوڵێک نەبوو بۆ گۆڕینی یەکێتی نەتەوە گەورەکان بە یەکێتی وولاتە بچووکەکان هاوشێوەی خەونی مۆنتسیکۆ و جیرۆدنییەکان (بڕوانە The Civil War in France)، یان الحرب الأهلية في فرنسا).

ئەم خاڵە سەرەکیە یەکێکە لە دەرئەنجامگیریەکانی مارکس کە ناکۆکە بە دەرئەنجامەکانی باکۆنین. جگە لەوەیش باکۆنین دیموکراسیەتێکی خالیس بە سروشتی کۆمۆنە دەزانێت. ئەمە لەکاتێکا شکانی دەوڵەت، هەڵوەشاندنەوەی دیموکراسیەتەکەیەتی بە دکتاتۆریەتەکەیەوە.

بە هەرحاڵ، ئەو فیدرالیزمە لەم چەرخەدا و لە سێبەری سەرمایەدارییدا بە دوا ئاستی گەیشتووە، ئەمریکا، ئیمارات، ئەوروپا نموونەی جیاوازیان پێشکەش بە مێژوو کردووە. بەدڵنیاییەوە سۆشیالیزمیش لە یەکێتی فیدراڵی زیاتری پێویستە. هەرچۆنیش بێت ئەوە لە مێژووەوە وەڵام دەدرێتەوە هەروەک چۆن بەشێکی وەڵامداراوەتەوە لە فیدراڵیزمی ئەم چەرخەدا لە سێبەری سیستمی سەرمایەداریدا. لەمێژە ئەوە بەسەرچووە وەک مارکس دەڵێت نەتەوە گەورەکانی وەک بریتانیا و ئەمریکا بتوانن لە فیدراڵیزمی بچووک یان گەورەدا دیموکراسیەتێکی ئەبەدی بەدی بهێنن بەناوی سۆشیالیزمەوە.

سەرچاوە: انور نجم الدین، مارکس وباکونین: الدولة والکومونة -3/3، الحوار المتمدن، ساڵی ٢٠١٣

https://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=351025

مایەوە سەر ئەوەی بڵێین بزووتنەوەی ئەنارکیستی بە هەموو قوتابخانەکانیەوە پڕە لە ئایدیای عەدالەت و دیموکراسیەت و یەکسانی و مافی مرۆڤ و هتد. ئەمانە هەموویان مافی سیاسین. وەک پێشتر گووتەکەی باکۆنینمان خستەڕوو، مارکسیش دەڵێت: "بەشداری کردن لە ژیانی سیاسی گشتیدا، لە ژیانی دەوڵەتدا، ناوەڕۆکەکەیەتی. ئەمەیش لە تێگەیشتنی ئازادی سیاسیدا تۆمار دەکرێت" (مارکس، The Jewish question).

مافی مرۆڤ مافی ئەندامی کۆمەڵگای برجوازیە، مافی هاووڵاتی. ئەو مافانە لە ئازادی سیاسی و یەکسانی سیاسی و یەکسانی ژن و پیاو و مافی مەدەنی و برایەتی چینەکان و ئاسیشی کۆمەڵایەتیدا کورتدەبێتەوە لەلای برجوازیەکان. بەو مانایە مافی مرۆڤ چ پەیوەندیەکی بە داخوازیە پرۆلێتاریەکانەوە نییە. هیچیشیان سنووری ڕزگاریی سیاسی جێناهێڵین. ڕەخنەی کۆمۆنیستی ئا لەم دیدگایەیە کە لە هەموو ناوەندەکاندا دەبینرێت بە ئەنارکیستەکانیشەوە. بەلای مارکسیشەوە، لەمێژە پرسی مێژوویی ڕزگاری سیاسی بۆتە پرسی مێژوویی ڕزگاریی ئینسانی. دواجاریش دەربارەی مافی مرۆڤ و ڕزگاریی سیاسی دەڵێت:

"هیچ ڕزگاریەک هیچ نیە گێڕانەوەی جیهانی ئینسانی و پەیوەندیە ئینسانیەکان نەبێت بۆ مرۆڤ خۆی. ڕزگاری سیاسی، لەلایەک، کردنی مرۆڤە بە ئەندامێک لە ئەندامەکانی کۆمەڵگای برجوازی، یان بە تاکێکی خۆپەرستی سەربەخۆ، وە لە لایەکی ترەوە، کردنێتی بە هاوڵاتی، بە کەسێکی مەعنەوی.

ڕزگاری ئینسانیش وەدی نایەت تەنها لەوکاتەدا نەبێت کە ئیتر مرۆڤ لەوە دەرئەچێت هاوڵاتیەکی ڕووت بێت وە دەبێتە ئەندامێک لە کۆمەڵگادا، وە کاتێک دەچێتە ناو هێزە تایبەتیەکەی خۆیەوە بەو وەسفەی هێزێکی کۆمەڵایەتیە و ئەو هێزە ڕێکدەخات، ئیتر ئەو هێزە کۆمەڵایەتیەیش لە هەیئەتی هێزێکی سیاسیەوە [مەبەست دەوڵەتە] لێک دانابڕێنرێت. تەنها لەوکاتەدا ڕزگاری ئینسانی وەدەست دێت" (کارل مارکس، The Jewish Question).

## تێبینی هەشتەم: ووشەیەک لەسەر مارکسی لاو و مارکسی پیر

دواجار دەیانەوێت لە مارکس دوو مارکسی لاوی یاخی و مارکسی پیری پەرلەمانتاریست دروست بکەن. بەڵام ئایا بەڵگە مێژوویەکانیش هەروا دەڵێن؟

نەخێر، کارل مارکس هەتا دوا ساتەکانی ژیانیشی وەک سەربازێکی سۆشیالیستی ماوەتەوە دژی پەرلەمانتاریزم، دژی سەندیکا، دژی دەوڵەت، دژی سەرمایە، وەک ئەو شۆڕشگێڕە ماوەتەوە کە بە درێژایی تەمەنی بە حەماسەوە بەرگریی لە شۆڕشی شیوعی کردووە. وەک بەڵگەیش بڕواننە نامەکەی مارکس بۆ زاسۆلیتچی ڕووسی دەربارەی شۆڕش لە ساڵەکانی دوایی ژیانیدا، ١٨٨١، هەروەها بڕواننە ئەم چەند دێڕەش لە ١٨٧٨ دا کە مارکسی پیرمان وەک مارکسی لاو نیشان دەدات کاتێک دەڵێت:

"پێویست ناکات سۆشیالیستێک بیت بۆ ئەوەی پێشبینی شۆڕشە خوێناویەکانی ئایندەی ڕوسیاو ئەڵمانیاو نەمساو هەروەها ئیتالیایش بکەیت ئەگەر ئیتالیەکان، وەک ئەمەوبەر، خۆیان بەو سیاسەتەوە ببەستنەوە کە ئێستا پەیڕەوی دەکەن. لەو وولاتانەدا سەرلەنوێ هەمان ڕووداوی شۆڕشی فەرەنسی ڕوودەدەنەوە. ئەمەیش بۆ هەموو کەسێک ڕوونە کە ئاگاداری سیاسەت بێت. بەڵام ئەو شۆڕشانە، زۆرینە پێی هەڵدەسێت، شۆڕشێکیش نیە حیزبێک بتوانێت پێی هەستێت، ئەوە تەنها گەلە بە شۆڕش هەڵدەستێت" (دیدارێک لەگەڵ مارکس لە نوێنەری ڕۆژنامەی ئەمریکیەوە (CHICAGO TRIBUNE) لە دیسامبری ١٨٧٨ دا دەربارەی شۆڕشی سۆشیالیستی).

ئەمەیش بەڵگەیەک کە مارکسی پیر لە مارکسی لاو توندتر دژی پەرلەمانتاریزم دەوەستێتەوە:

لە نامەیەکدا مارکس و ئینگڵس بۆ ئەڵمانیا لە ١٨٧٩ دا، لە دوا ساڵەکانی ژیانی مارکسدا، دەنووسن: "بەڕاستی سۆشیال-دیموکراتی ئەڵمانی دەردی پەرلەمانیستی لێیداوە" (بڕوانە هەمان سەرچاوەی خوارەوە بە ئینگلیزی).

لە وەڵامی سۆشیال-دیموکراتەکاندا کە دەڵێن لەم ڕۆژەماندا و لەژێر زەبری یاسای دژ بە سۆشیالیستەکاندا، حیزب ئامادە نییە بچێتە سەر ڕێگای شۆڕشێکی خوێناوی و بەزەبروزەنگ .. بەڵکو دەیەوێت ڕێگای شەرعی و ڕیفۆرم بگریتە بەر .. وە ئەگەر دەنگدەرانی سۆشیال-دیموکراتەکان لە نێوان ٥٠٠-٦٠٠ هەزاردا بن .. ئەوا دەبێت سۆشیالی-دیموکراتەکان ڕیگای شەرعی بگرنەبەر و سەنگەری سەر شەقامەکان هەڵوەشێننەوە، لە وەڵامی ئاوەها بۆچونێکدا، مارکس و ئینگڵس دەڵێن "ئەمە وانییە کە تارمایی سوور هەر وەهمێکە و بوونی نییە لە واقیعدا. بەڵام نهێنی ئەو تارماییە سوورە لە کوێدایە ئەگەر لە ترسەکانی برجوازیەتدا نەبێت لە بەردەم ئەو ناکۆکیە حەتمیە توندوتیژەدا کە لەنێوان خۆی و پرۆلێتاریادایە؟ .. ناکۆکی چینایەتی هەڵوەشێننەوە ئەوجا برجوازیەت ترسی نامێنێت .. بە هەرحاڵ، بەدەستنیشانکراوی ئەوە پرۆلێتاریایە ئەمجارە هەڵدەخەڵەتێنریت".

زیاتر لەوەیش دەڕۆن و دەڵێن: "سەبارەت بە ئێمە، بە تێڕوانین لە هەموو ڕابووردوومان، هیچمان لە بەردەمدا نییە تەنها ڕێگایەک نەبێت بیگرینەبەر. لە ماوەی ٤٠ ساڵدا بایەخمان بە ململانێی چینایەتی داوە بەو وەسفەی هێزی بزوێنەری مێژووە، بەتایبەت ململانێی چینایەتی نێوان برجوازیەت و پرۆلێتاریا بەو مانایەی بەهێزترین پاڵنەری شۆڕشی کۆمەڵایەتیە. بۆیە مەحاڵە بتوانین بە لێکتێگەیشتنەوە لەگەڵ ئەوانەدا بڕۆین کە ئەم ململانێ چینایەتیە دەسڕنەوە لە بزووتنەوەکەدا. کاتێکیش (ئینترناسیۆنالیزم) دامەزرێنرا، بەڕوونی هاوارمان کرد: ڕزگاریی چینی کارگەران لە دەستکردی چینی کارگەران خۆیانە. بۆیە ناتوانین لەگەڵ

خەڵکانێکدا بڕۆین بەڕێوە کە سوورن لەسەر ئەوەی کارگەران ئەو ڕۆشنبیریەیان نییە خۆیان خۆیان ڕزگار بکەن، بەڵکو دەبێت لە سەرەوە ڕزگار بکرێن" (مراسلات مارکس-انجلس، دار الطليعة، بيروت، ترجمة جورج طرابيشي، ل : ١٦٨).

ئەمانەیش دەرئەنجامی لێکۆڵینەوەیەکی ماتریالیستیی مێژوویە کە مارکسی پیری پڕ ئەزموون لە خەباتی مێژوویی پرۆلیتاریا دەرئەنجامی لێوەرگرتوون. ئەمەیش بەڵگەیەکی ڕوونە کە کۆمۆنیستەکان دوای سروشێکی پێغەمبەرانە نەکەوتوون، بەڵکو خۆیان دەبەستن بە مەنهەجی (ماتریالیزمی مێژوویی) ەوە لە لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەکانیاندا دەربارەی کۆمەڵگا و شۆڕشەکان. هەر ئەوەیش خلافیانە لەگەڵ سۆشیالیستێکی وەک پرۆدۆن کە هەموو شتێکی بردۆتەوە بەر سێبەری ئایدیای فەلسەفی.

---

سەرچاوەی ووتارە وەرگێڕدراوەکەی ڕۆدۆڵف ڕۆکەر: https://www.sharpress.net/all-detail.aspx?Jimare=216931